# شارۆچکەی سەروچاوە تا ئێستا تا پۆی نیە و سەرجەم خەڵکەکەی لە تۆمارکردنی خانوو بە ناوی خۆیان بێبەشن

## سەرهەدی ئەنوەر بەگ داواکاری هەیە بۆ شوێنی خانوە کۆنەکەی کە دەکەوێتە سەر گردی قەسرێ

**ئا : لێدوان**

شارۆچکەی سەروچاوە لە ساڵی ( ١٩٧٩ ) وە بۆتە ناحیەو سەرەتا ئیدارەی ناحیەکە لە رانیە و ئینجا وچوارقورنە پاشان لە ساڵی ١٩٨٧ چۆتە شکارتە ئەو کات بە ناوی ناحیەی بێتواتە بووە، بەڵام لە ساڵی (١٩٩٥) مەرکەزی ناحیەکە گواستراوەتەوە بۆ سەروچاوە، لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەم جار هەڵبژاردنی شارەوانی بۆ کراوە، تێیدا (محمد مستەفا عەبدوڵا ) بە سەرۆکی شارەوانی ئەو ناحیە هەڵبژێردراوە. سنووری شارەوانی سەروچاوە پێك دێت لە مەرکەزی ناحیەکە، بریتیە لە پێنج گەڕەك بە ناوەکانی ( دەروازە ، ماکۆك ، نەورۆز ، مامۆستایان ، ئازادی ) سەرجەم ١٥٨٣ خێزانی تێدایە و نیزیکەی ٩٠٠٠ کەسی تێدا دەژی، ئەم شارۆچکەیە تا ئێستا تەملیك و تاپۆ نەکراوە و دانیشتوانەکەی بەدەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن، بۆ بەدواداچوونی ئەو مەسەلەیەش سەرۆکی شارەوانی سەروچاوە لە دیمانەیەکدا پێیراگەیاندین: لە رووی هونەریو ئیدارییەوە وردەکاریەکانی تەواو بووە، بەڵام تاپۆ کردنی ئەو ناحیەیە پێویستی بە بڕیارێکی تایبەت هەیە بۆ تەملیك کردنی خانوەکانی سەروچاوە ،بۆ ئەو مەبەستەش سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە نوسراویان ژمارە ( ١١٠٠٢) لە ٢٠٠٧/٩/٢٧ ئاراستەی وەزارەتی شارەوانی کراوە بۆ دارشتنی شێوە بڕیارێکی گونجاو کە تایبەت بێت بە تەملیك کردنی خانوە کۆنەکانی شارۆچکەکە، ئێستاش چاوەڕوانی وەزارەت دەکەین کە ئەو شێوە بڕیارە دابڕێژێت و بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی پەسند کردنی.

بەڵام لە ولامی ئەو پرسیارەی کە ئایا لە کەیەوە خەریکی ئەو هەوڵەن بۆچی تا ئێستا تاپۆکردنی دوا کەوتووە، سەرۆکی شارەوانی پێی راگەیاندین کە زیاتر لە ٣ ساڵە ئێمە بە دوای ئەو داواکاریەوەین، بەڵام بە هۆی گرفتی ئیداری و رۆتیناتەوە، داواکاریەکەمان بۆ ماوەیەکی زۆر دوا کەوت،و ئێستا گەشبینین بە چارەسەر کردنی .

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا (سەرهەدی ئەنوەر بەگ) گرفتی بۆ ئەو مەسەلە دروست کردوە بە هۆی ئەوەی کە دەگوترێت داوای ئەرزەکانی خۆیان دەکەنەوە؟ وتی: گرفتەکە زۆرتر لەوەدایە کە شارۆچکەی سەروچاوە تا پێش هەڵبژاردنی شارەوانیەکانیش واتە ٢٠٠٠/٣/٢ هەر گوند بووە، هیچ رەسمیاتێکی شارەوانی نەبووە ، بۆیە کۆمەڵێك گرفتی ئیداری هەبووە بۆیە دوا کەوتووە، ئێستاش گرفتەکانی چارەسەر کراوە و ئامادەکراوە بۆ ئەوەی کە بڕیارەکە دەرچوو، ئیتر خەڵکەکە بتوانن خانوەکانیان بە ناوی خۆیانەوە تۆمار بکرێت بۆ ئەو مەسەلەش کەس پشت گوێ نەخراوە سەبارەت بە ماڵی (ئەنوەر بەگ)یش لەم نەخشەیەی کە بۆ شارۆچکەکە ئامادەکراوە، نیزیکەی ٤٥ داواکاری لە لایەن نوێنەریان وەرگیراوە، بە مەبەستی تاپۆ کردنی خانوەکانیان وکێشەی نیە ، بەلام (سەرهەدی ئەنوەر بەگ) داواکاری هەیە بۆ شوێنی خانوە کۆنەکەی دەکەوێتە سەر گردی قەسرێ، بەڵام ئەم گردە دەکەێتە سەر ( سەرچاوەی ئاو و بەنداوی سەروچاوە)و کە شوێنی گەشتیاریە و پەیوەندی بە شارەوانیەوە نیە . بۆیە هیوای خواست بە رەچاو کردنی مەرجە یاسایی و رێنمایەکانی شارەوانی، ئەم مەسەلە بە زوویی کۆتایی پێبێت و سەرجەم خەڵکی سەروچاوە بێ جیاوازی تێدا سوودمەند بن . پێویستە بگوترێت جگە لە زەوی بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت ١١٧٣ داواکاری لە لایەن خەڵکی شارۆچکەکەوە کراوە بۆ ئەوەی خانووەکانیان تاپۆ بکرێت و کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکرێت .

# بەرنامەی ( رازی شەو )ی رادیۆی لاوان، کە خاوەنی ٣٠٠ بیسەری گەنج بوو، رادەگیرێت

## ئامادەکاری بەرنامە: رازی نیم بەو ناوو ناوەرۆکەوە بەرنامەکە دابنرێتەوە

## بەڕێوەبەری رادیۆ: ئەو بەرنامەیە موڵکی رادیۆی لاوانەو هیچ کەسو رێکخراوێك بۆی نیە خۆی بکاتە خاوەنی



**ئا : هونەر رەسوڵ**

بەرنامەی رازی شەوی رادیۆی لاوان کە شەوانی سێ شەممەو هەینی لە کاتژمێر ١٠ بۆ ١٢ی شەو پێشکەش دەکراو تێیدا ( شاسوار محمد) وەك ئامادەکارو پێشکەش کاری بەرنامەکە بوەو رێژەیەکی زۆری بیسەرو هاوڕێی هەبوو، بەڵام لەچەند رۆژی رابردوودا بێژەری بەرنامەکە کە لە دەستەی کارگێری رادیۆو سەرپەرشتیاری بەرنامەکان بووە، وازی لە پێشکەشکاری بەرنامەکەی هێناوەو بەرنامەکەی راگرتوە، بۆ ئەمەش لێدوان لە بەدواداچونێکی خۆیدا پێشکەشکاری بەرانامەکەی دواند ئەمیش بەم شێوەیە ووتی: من لە ٢٠٠٧/٤/١٣ ەوە بەرنامەی (رازی شەو) پێشکەش دەکەمو تا ئێستا ٧٥ بەرنامەم لێ پێشکەش کردوە، بیرۆکەی ئەم بەرنامەیەش هی خۆی بووەو سەرەتا بە بێ ریکلامو وەك شتێکی ئەزمونی بۆ دەرکەوتنی رادەی بیسەرانیان پێشکەشمان کردوە، دواتر کراوەتە پێشنیار بۆ دەستەی کارگێریو قبوڵ کراوە، کە شەوانی سێ شەممەو هەینی، بۆ ماوەی سەعاتو نیوێك پێشکەش بکرێت، دواتر بە هۆی زۆری پەیوەندیەکان ماوەی بەرنامەکە کرا بە دوو کاتژمێر. جگە لەمە ووتی: هەر لە سەرەتاوە ئەم بەرنامەیە ستافی نەبووە، تەنها خۆم بەڕێوەم بردوە، هەر لە مۆنتێریو بێژەریو ئامادەکردنو هەتا هێندێك جار خۆم، پەیوەندیە تەلەفۆنیەکانیشم وەرگرتوە، دواتر هاوڕێیان، واتە بیسەرانی بەرنامەکە هاتوون هاوکاریان کردوینو پەیوەندیەکانیان وەرگرتوە، هۆکاری ئەمەشی گەراندەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی کارمەندانی رادیۆ بۆیان نەکراوە شەو بێنەوە، بۆیە هێندێك جار وەك هاوڕێیەك یارمەتیان داوە، نەك وەك کارمەندو ستافی رادیۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش وەك خۆی وتی : شەوانە گەنجانێکی زۆرکە نزیك بە ٣٠٠ گەنجن، بیسەری بەرنامەکە بوون، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هاوکاریان نەکردووەو گرنگیان بە بەرنامەکە نەداوە، دەستم لە کار کێشاوەتەوە چونکە لە هیچ شوێنێك نەبووە، بەرنامەییەك بە تەنها کەسێك بەڕێوە بچێت، بۆ ئەمەش

شاسوار ووتی من دەستەی کارگێریم ئاگادار کردۆتەوە، کە ئەم بەرنامەیە ئاوا بەڕێوە ناچێت دواتریش بەڕێوەبەری رادیۆم ئاگادار کردۆتەوە، کە ئەو بەرنامەیە دەوەستێت، بۆیە لە ١٢/٢٢ دوا بەرنامەی لێ پێشکەش کراوەو بیسەرانی بەرنامەکەم ئاگادار کردۆتەوە کە چی تر ناتوانم بەرنامەکە پێشکەش بکەم، دواتر هاوڕێیانی بەرنامەو بیسەرێکی زۆری رادیۆ پەیوەندیان کردوە بە خۆمو رادیۆوە، منیش لە دەرەوەی بەرنامەکە شتەکەم بۆ بیسەران شی کردۆتەوە، ئەوانیش لە نێوان خۆیان ١٠ کەسیان دەستنیشان کردوە لە بری ٢٠٠ گەنجی بەرنامە، هەر لە بناری کۆسرەتەوە بۆ خدرانو حاجیاواو ناوچەکانی تر، ئەم نوێنەرانەش سەردانی رادیۆیان کردووەو لەگەڵ ستافی ئەوێ دانیشتوون، بەڵام ئەنجامی کۆبونەوەکە سلبی بووە، چونکە گەنجەکان پێشنیاری ئەوەیان کردوە کە بەرنامەکە بەردەوام بێتۆ من بگەڕێمەوەو داخوازی من جێ بەجێ بکرێت، کەبریتی بووە لەوەی کە چەند کەسێك دابنرێن بۆ پەیوەندیەکان، بەڵام ئەوان لایان گرنگ نەبووە، کە بیسەران پێشنیار بکەن، لە راستیدا منیش بۆیە رۆیشتم کە دەست بە بەرنامەکە نەکەمەوە، بەڵام لەسەر داخوازی بیسەران ئامادەبووم کە داخوازیەکانم جێ بەجێ بکەن، درێژە بە بەرنامەکەم بدەم، کاتێکیش چووم سەردانم کردنەوە، ئەوان وتیان تۆ وەك پێشکەش کار نابێت بگەڕێیتەوە بۆ رادیۆو بەرنامەکەش دادەخەین، یان کەسێکی تری بۆ دادەنێین، بەڵام من رازی نابم بەم ناوە بەرنامەکە دابنرێتەوە، ئەگەر بەو ناوەش دایبنێن، ئەوا رێگای یاسایی دەگرمە بەر، چونکە نە هاوڕێیانی بەرنامە قبوڵی دەکەن، نە خۆشم رازی دەبم کە بەو ناوو ناوەرۆکە بەرنامەکە دووبارە بکەنەوە، چونکە ئەو بەرنامەیە لە بیرۆکەو پێشنیاری من بووە، بەڵام من مەبەستی ئەوان وا تێدەگەم کە دەیانەوێت من لە وێ نەبمو کەسێکی تر بۆ بەرنامەکە دابنێن، لە کاتێکدا من کاری زۆرم بۆ رادیۆ کردوە، لەوانە ئاهەنگێك بۆ بیسەران، کە ئەوان هاوکاریان نەکردمو تەنها خۆم پارەم بۆ سەرف کردوە، هەروەها لە بەرنامەکەش سەرکەوتوو بووم، چونکە کاتێك میوانە بیانیەکان، یان هی وەزارەتی لاوان دەهاتن بۆ رادیۆ، زۆرتر باسی بەرنامەکەی من دەکراو زۆربەی شەوانیش ماونەوە بۆ گوێگرتنی، جگە لەوە من خۆبەخش بوومو هەر لە سەرەتاکانی رادیۆوە بۆ ماوەی ٦ مانگ مۆنیتەری سەرجەم بەرنامە راستەوخۆکانم کردوە، زۆربەی رۆژەکان خەفەر بووم، خۆشم لە دەستەی کارگێریو بە سەرپەرشتیاری بەرنامەکان دانرام، ئێستاش پلەکانیان لێسەندوومەوە، لە کۆتاییشدا وتی تا ئێستا وەك ئەندام دەستم لەکار نەکێشاوەتەوە، بەڵام وەك بەرنامەکە ناگەڕێمەوە. سوپاسی بیسەرانیش دەکەم، ئەوان چۆنیان پێ باش بێت، من وا دەکەم .

دواتر بەڕێوەبەری رادیۆ (سەید خالید) بۆ رونکردنەوەی زیاتری ئەو مەسەلەیە ووتی: من لە رێگای گوێگرو ئەندامانی رادیۆوە، بە تەلەفۆن ئاگادار کرام کە شاسوار بەرنامەکەی وەستاندوە، هۆکەشی لەبەرئەوەی کە کەس نەبووە هاوکاری بکات، بەڵام من پێم وایە ئەم بڕیارە پەلەی تێدا کراوە. سەرەتا نەدەبوو لە بەرنامەکە باس لەوە کرابا، چونکە تۆ دەبێت حساب بۆ شعورو هەستی بیسەرانت بکەیت، لە راستیدا ئەو پێشێلی مافی گوێگرەکانی خۆی کردوە، لەگەڵ پێشێلی یاسای رادیۆکەمان، چونکە ئەم مەسەلانە پێویستە لە کۆبونەوە قسەیان تێدا بکرێتو بڕیاریان لێبدرێت، ئەو خۆی ئەندامی سەرپەرشتی رادیۆ بووەو لە گۆڕانکاری ستافی رادیۆش ئەمساڵ شاسوار کرابوو بە سەرپەرشتیاری بەرنامەکانی رادیۆ، بەڵام ئێمە لە ١٧ی ئەم مانگە کۆبونەوەمان کردووەو کەس باسی راگرتنی ئەو بەرنامەی نەکردوە، لە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٧ی مانگی ١٢ کۆبونەوەی ستافی رادیۆمان کردوە، بۆ گۆڕانکاری بەرنامەکانو شێوازی نوێ بۆ ساڵی ٢٠٠٨ ، بەڵام بەداخەوە، ئەو پەلەی لە بڕیارەکەدا کردوە، دەبوو پێش ئەوەی لە بەرنامەکە باسی کردبا، لە کۆبونەوە قسەی کردباو رای ستافی رادیۆی وەرگرتبا، سەربارەت بە هاوکاری نەکردنیشی بۆ وەرگرتنی پەیوەندیەکان ووتی: پێم وایە لە سەرەتا وانەبووە، شاسوار سەرەتا مۆنتێری دوو سێ بەرنامەشی کردوە، دواتر وتی ناتوانم مۆنتێری ئەو بەرنامانە بکەم. ئێمەش وتمان باشە، تەنها بەرنامەکەی خۆت بکە، پێشم وایە ئەمە پاساوێکی راست نیە، چونکە ئێمە حەوت کەسین، خەفەریاتمان هەیە، دەمانتوانی بۆ ئەو شەوە خەفەریات دابنێین، چونکە بە حەوت هەفتە جارێك، سەرەی خەفەریات دەهات، لەگەڵ ئەوەش ئێمە پێمان وابوە، کە دەبێت لەو بەرنامەیەدا گۆڕانکاری بکرێت وەکو ئەوەی کە کێشەیەکی یاسایی، یان کۆمەڵایەتی دێتە ناو بەرنامەکەو دەبێتە تەوەری بەرنامە، ئەوا پێویستە لە لایەن کەسانی شارەزا لە بواری یاسایی یان دەرونزانی قسەی لەسەر بکرێتو بۆ بیسەران شیبکرێتەوە، نەك خەڵك بە بێ زانیاری لەسەر ئەو مەسەلانە، قسەی لەسەر بکات، ئێمە پێمان باش بووە لەو رووە چاکسازی بکەین هەڵەیەکیش کراوە کە وتراوە بەرنامەکە دەوەستێت ئیتر ناشکرێت لێرەوە خواحافیزی لە بیسەرانت بکەیتو بۆ بەیانی بێیتەوە بەرنامەکە، بۆیە ئێمە لە رێگای ئێوەوە، سەرجەم بیسەرو هاوڕێیانی بەرنامەی رازی شەو دڵنیا دەکەینەوە، کە بەرنامەی رازی شەو بەردەوام دەبێت بە ستایلێکی نوێو لە کاتێکی تردا ، ئاگاداریان دەکەینەوە، چونکە ئێمە ئێستا زۆربەی بەرنامەکانمان دەوەستێ، چونکە مەشغوڵی فراوانکردنی پەخشی رادیۆکەینو لە هەوڵی ئەوە داین کە جێگایەکی باشتر بۆ رادیۆکەمان دابین بکەین، بەڵام لە ساڵی ئایندەدا بەرنامەکانمان بەهەمان شێوازو بە هەمان ناوەرۆكو بە شێوازی نوێ تر کە بیسەرانی رادیۆ بەتایبەتیش گوێگرانی رازی شەو لێی رازی بن، دێتەوە خزمەتیان. بەڵام هەوڵ دەدەین بە تەکنیكو دەنگو ستایلێکی نوێ بێنەوە ناو بەرنامەکانمان، بەرنامەی رازی شەویش هەواداری زۆری هەیەو ئێمە رێز لە رای بیسەرانو گوێگرانمان دەگرین، کۆمەڵێك گەنجیش بۆ ئەو مەبەستە سەردانیان کردینو لەسەر ئەو مەسەلە قسەمان لەگەڵیان کردوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە ئایا پێشتر بەرنامەیان هەبووە، کە شاسوار لابدرێتو کەسێکی تر بۆ بەرنامەکە دابنرێت، بەڕێوەبەری رادیۆ ووتی: هیچ کاتێك بەتەمای ئەوە نەبووینو بڕیاری واشمان نەداوە کە ئەم بەرنامەیە لە کەسێکەوە بگۆڕین بۆ کەسێکی تر، ئێستاش هیوادارین بگەڕێتەوە، لە وەختێکدا بەڵام دوایی دیاری دەکەین بەڵام لە ئێستادا نا، چونکە رەنگبێ خۆش نەبێت، بەڵام ئەو لای ئێمە تا ئێستا لە پۆستەکانی لا نەبراوە. ئەمەو سەبارەت بە ناوی بەرنامەو ناوەرۆکەکەی وتی ئەم بەرنامەیە موڵکی رادیۆیەو هی هیچ کەسو رێکخراوێك نیە، بەڵکو رادیۆ ئازادە لەوەی کە گۆڕانکاری بەسەردا دێنێت یان نا، من پێشم باشە گۆڕانکاری هەمووی بگرێتەوە، پێشم باشە گەنجان خۆیان لەگەڵ گۆڕانو گۆڕانکاری داین، بەڵام کە بیسەران پێیان باش بێت، بەرنامەکە وەك خۆی بمێنێتەوە هەر لە پێشکەشکارەوە بۆ شێوازی بەرنامەکە واتە ستایلی کۆن، ئەوا ئێمە رێگری ناکەینو رێز لە رای بیسەرانمان دەگرین، دەشمانەوێت کارێك بکەین کە جێگای رەزامەندی ئەوان بێن، چونکە رادیۆی لاوان رادیۆی لاوانی شارەکەیە، ئێمەش وەك خۆبەخش ئەو ئەرکەمان بۆ خزمەتکردنی گەنجانی شارەکان گرتۆتە ئەستۆو بەرنامەکەش بۆ خەڵك دەکەین، سەبارەت بە پارەی ئاهەنگو گلەیی بەرپرسی رادیۆ وتی: ئەمە لەسەر ئەوە بووە کە ئەو کات پرس بە تەنها بە من کرابوو، نەك بە بەڕێوبەریئەویش حەقی خۆی بووە، کە گلەیی کردوەو پرسی پێ نەکراوە، سەبارەت بە پارەکەش پێم وایە شتێکی زۆر کەم بووەو بودجەکەش لەسەر حسابی خۆی نەبوە، زۆر جار هەبوە مەسروفێك کراوە، دواتر سەرف کراوەتەوە، ئەو شتانەش مەگەر خۆی قسەی نەکردبێت، یان وەك هەستی خۆبەخشیمان بەکاری هێنابێت، ئەگینا هەمو مەسروفێك کە بۆ بەرنامەکان کرابێت، سەرف کراوەتەوەو ئەو شتەش لەو ئاستەدا نەبووە کە ببێتە گرفت.



# لێدوان

بەپێنوسی هاوڕێ ئەمیر

## مەسەلەی رۆژنامەگەریو باڵادەستی ئازادی

قسە لەمەڕ راگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەگەری بەتایبەت، ناکرێت بەتەنها لەسیاقی بوعدە پیشەیەکەیەوە چڕبکرێتەوە. چونکە دونیای ئەمرۆی جیهانگیری ئەو هەموو پێشکەوتنە زۆرو زەبەندەی تەکنۆلۆژیا، وای کردوە کاریگەری راگەیاندن سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لەرووی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی داپۆشێت. بەجۆرێك کە هیچ لەمپەرو رێگرێك توانای بەرگرتن لەنەشتەری راگەیاندنی نیە. تەنانەت پەیوەندیە زۆر تایبەتیو کەسیەکان, زۆرجار دەبن بە کەرەستەی راگەیاندن، یان بەهەواڵی سەرنج راکێشو گرنگ، بەمەرجێك کەسانی شارەزاو رۆژنامەنوسی پیشەیی کاری لەسەر بکات. ئەمە چ جای ئەوەی ئەمرۆ تەنانەت سروشتو گیاندارانیش لەژێر زومی راگەیاندندان، هەندێك جار مانشێتو سەردێری هەواڵەکان کەلە دونیای گیانداران هەڵێنجراون مرۆڤ دووچاری هەڵوێستە دەکەنەوە. بێگومان راگەیاندن تەنها لە کەشو هەوایەکدا دەتوانێ ئەو رۆڵە بگێڕێت کەئازادی تیایدا باڵادەست بێت. بەم پێیە ئازادیو راگەیاندن دوالیزمیەکی پێکەوە گرێدراو پێك دەهێنێت، چونکە پەیوەندیەکی دیالیکتیکی لێك دانەبڕاو لەگەڵ یەکتریدا کۆیان دەکاتەوە. بەپێی ستراکتوری بنەرەتی کاریگەری ئیجابی بە بەرەوامی بەسەر یەکترەوە جێدەهێڵن، واتا لە کوێ پانتاییی ئازادی جوگرافیایەك داپۆشێتو هامشی گوێگرتن بۆ رای جیاوازو بواردان بە ئەوی دی, بۆ ئەوەی تێڕوانینی خۆی وێنا بکات، بەمەرجێك لەچوارچێوەی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدا وەکو مافێك بۆ تاكو کۆمەڵ چەسپاو دیاری کراو بێتو پەیوەندیەکان بە پێی یاسایەکی مۆدێرن رێکخرابێت، بێگومان بواری راگەیاندنو رۆژنامەوانی شیاوتر لە هەرچی کایەو بونەوەرێکی تر دەتوانێت ئاوس بێت بە بارگەکانیو لە پرۆسەی بەدواداچونو شیتەڵکاری، دیاردەو پەیوەندیەکاندا, هەم بە قازانجی کارەکەییو هەم بە قازانجی گەشەو فراوان کردنی بەرپرسیارییە مێژوویەکەی رەنێوی بهێنێتەوە.

رۆڵی ئەکتیڤی رۆژنامەنوس دەرەنجام دەبێت بە پایەیەکی تری راگر، بۆ بەهێزکردنو هەڵچنینی دیوارەکانی کۆمەڵگای ئازادو رەواندنەوەی تەمومژی سەر حەقیقەتی دەسەڵاتی سیاسی. ئەو حەقیقەتەی کە بەرجەستەی دەکات وەکو چۆن دەینوێنێ, نەك بانگەشەی بۆ دەکات وەکو چۆن دەیخوازێت. بەواتایەکی تر ( رۆژنامەنوس) کاتێك کارەکەی وەکو بەرپرسیاریەتێکی (پیشەیی) لەچوارچێوە پەیامە مرۆییو ئەخلاقە فەرهەنگیو سیاسیەکەیدا بەرجەستە دەکاتەوە، بەتەنها رۆڵێکی ئاسایی مستهلیك نانوێنێ لەپانتایی ئازادیدا، یان بەبێ موبالاتی پراکتیزەی ئازادی ناکات وەکو تاکێکی نابەرپرس. بەڵکو لەبەرامبەردا پتەوکردنو قوڵکردنەوەی چەمکی ئازادی لە نێو وردەکاری مومارەسەی رۆژانەیدا دەبێتە خەمێکی گشتی. لێرەوە بەتەنها پەیوەست نیە بە داکۆکی کردن لە سروشتە ئازادەکەی خۆی، بەڵکو بە پێویستی خۆی بواری رۆژنامەگەری دەبێت بە پێوانە بۆ ناساندنو وێنا کردنەوەودەرخستنی خەسلەتی دەسەڵاتی سەپاو، کەواتە ئازادی رۆژنامەوانی دواجار گرێنتیەکی گشتی بۆ ئازادی بەرهەم دێنێتەوە، کەسەرجەم کۆمەڵگا لێوەی سودمەند دەبێت بەدەسەڵاتی سیاسیشەوە، ئەمەش بەرگی دەسەڵاتێکی خاوەن دامودەزگای سەربەخۆ, لەپاڵ دەسەڵاتەکانی تر بەبەر راگەیاندندا دەکاتو جۆرێك لە حەصانە بۆ کارمەندانی لێدەکەوێتەوە.

بەهەرحاڵ لە کوردستانی خۆماندا هێشتا زووە باس لە راگەیاندنو بواری رۆژنامەگەری بەم پێو دانگانە بکرێت، کە لە کۆمەڵگای چەسپاو خاوەن دامو دەزگای بەڕێوبردندا مێژوویەکی درێژیان هەیەو دەسەڵاتەکان جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیان بەدست هێناوەو مێژووی ماشێنی چاپو رۆژنامەوانی تەمەنێکیان بەرێکردوە، بەڵام لەپاڵ ئەمانەدا بەدرێژای ئەو چەند ساڵەی دەسەڵاتی ناوخۆیی هەمیشەو لەبەرامبەر هەر قەیرانو گرفێکی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵاتەتیدا کە سادەترینیان دابینکردنی خزمەتگوزاری سەرەتاییە بۆ هاولاتیان لە ئاوادانکردنەوەو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوریو یەکلاکردنەوەی ئیستحقاقە سیاسیەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیداو گەمارۆدانی ناعەدالەتییو روبەربونەوەی گەندەڵیدا. هەمیشە گوێبیستی ئەو پاساوە دەبین لە گوتاری سیاسی دەسەڵاتدا کە لەپاڵ ئەم شکستو قەیرانە زۆرانەشدا, توانراوە بە شانازیەوە برێکی باش لە ئازادی رادەربرین دابین بکرێت، بەدوێکی تردا شانازیەکی بەردەوامی دەسەڵات لە کوردستاندا کە هەمیشە لەسەرجەم بۆنەو هەڵوێستەکاندا بەروی هاولاتیاندا زیت دەبێتەوە وەکو پاساوێك لەبەرامبەر هەر داخوازیەکی رەواو رەخنەیەکی مەوزوعی یان نارەزای جەماوەری، ئازادی رادەربرینو مافی هەناسەی ئازاد بۆ ئەوی دیە، کە بەداخەوە لەپرۆژە یاسای رۆژنامەوانیدا ئەو برە ئازادیەش خرایە ژێر پرسیارەوەو لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە حەواڵەی نێو دۆسیەی (دابو نەریتی گشتیو ئاسایشی نەتەوەییو کۆتوبەندکردنی ئازادی رۆژنامەنوسی) کران، کەتا ئەمرۆژ ئەم چەمکانە بە پێی خواستو تێگەیشتنی دەسەڵات پێناسە دەکرێن، دەسەڵاتێك کە هێشتا دەستورەکەی لەژێر دۆسیەکانی پەرلەماندا تۆزی لەسەر نیشتوە . ئێستاش با بزانین بۆ جاری دووەم لە پێداچوونەوەی یاساکەدا هەڵویستی پەرلەمانتاران لە بەرامبەر ئازادیدا بە کوێ دەگات .